# کۆمەڵناسیی زانست(١)

نووسینی: پێتەر ڤاینگارت
وەرگێڕانی: ئیحسان وەڵزی

دیارە کە مەعریفەی زانستی لە بەرامبەر جۆرەکانی دیکەی مەعریفەدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەم مەعریفەیە ناکرێ وەك مەعریفەی رۆژانە، سوننەتی یا جیهانبینییانە، یاخود وەك مەعریفەی ئایینی، یان وەك مەعریفەی نهێنی تەبیب و حەکیمان و یاخود وەك ئەو مەعریفە گومانلێکراوەی ئیسۆتێریك و ئەستێرەناسان، بدرێتە پاڵ هیچ گرووپێکی تایبەت، یان هەلومەرجی ناوچەیی و مێژوویی و یاخود بەرژەوەندی و چین و توێژی کۆمەڵایەتی. وا دیارە کە مەعریفەی زانستی خۆی دەخاتە دەرەوەی سنوورەکانی رێژەییبوونی کۆمەڵایەتی. هەر کە یاسا زانستییەکان جارێك دەدۆزرێنەوە، ئیدی ناکرێ لە رێی هیچ هێزێکی دیکە لە دونیادا بخرێنە ژێر پرسیارەوە مەگەر لەرێی زانست خۆیەوە نەبێت. هەر کەسێك نەچێتە ژێر باریانەوە، ئەوا نەوەك بە زانست، بەڵکو گاڵتە تەنیا بە خودی خۆی دەکات، بۆیە ئێمە بەوە راهاتووین، کە باس لە مەعریفەیەکی گەردوونی بکەین، مەعریفەیەکی سەربەخۆ لە قەناعەتە ئایینی و جیهانبینییەکانی دۆزەرەوە و لایەنگرەکانی، سەربەخۆ لە رەنگی پێست و ئینتیمای نەتەوەییان و سەربەخۆ لە شوێنی دۆزینەوە و تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی. بەلای گالیلۆوە هیچ گرنگ نەبوو، ئاخۆ دادوەرەکانی بڕوای پێدەکەن یان نا، هەربۆیەش وەك دەگێڕنەوە تێزەکانی بە ئاشکرا راگەیاندن. بۆچوونەکانی ئەوان هیچیان لە قەناعەتی ئەم و لە ئیعتیباری گشتی ئەوەی کە دۆزیبوویەوە، نەگۆڕی.

بەڵام هەر چاوخشاندنێکی سەرپێیانە بە مێژووی زانستدا، بە هەمان شێوە گومانێك بەرامبەر خەسڵەتی هەمیشەیی و سەرتاپاگیریی مەعریفەی زانستی قیتدەکاتەوە. مەعریفەی زانستیش گۆڕانی بەسەردادێت و لەگەڵێشیدا ئەوەی کە بە راست دادەنرێت. سەرەڕای ئەمەش بەهۆی ئەو پێگە تایبەتیەی کە ئەم جۆرە مەعریفەیە هەیەتی لە هەموو جۆرەکانی دیکەی مەعریفە وەسەرتر دەکەوێت.

ئەگەر لە یەکەم ساتیشدا وا دەرکەوێت کە ئیعتیباری بێچەندوچۆنی مەعریفەی "راستەقینە" شتێکی سەیر نەبێت، هەر لەبەر ئەوەی کە ئەم مەعریفەیە مەعریفەیەکی "راستەقینەیە"، ئەوا لە تێڕوانینێکی وردتردا بۆمان دەردەکەوێت کە بەرهەمهێنان و ئیعتیباری ئەم تەرزە مەعریفەیە پێشمەرجگەلێکی زیاتر دەخوازێت و بەم پێیە زۆر ئەستەمتریشە. بەرهەمهێنان و ئیعتیباری گشتی مەعریفەی "متمانەپێکراو" ئەوە دەخوازێت کە لە گشت بونیادە کۆمەڵایەتیەکان- گشت کولتوور و نەتەوە و چین و دەستە و ئایینەکان و لەوەش بەولاوەتر لە شوێن و کات- دابڕێت، واتە لەگەڵ هەموو ئەمانە لە دابڕانێکی کۆمەڵایەتییدا بێت. بۆ وەدیهێنانی ئەمەیش، پێویست بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تایبەت و پێکهاتەی مێژوویی دیاریکراو دەکات، کە سەرەتا لە هەموو شوێنێك لەبەردەستدا نین. هەروەها پێویست بە ئامرازگەلێکی تایبەتیش بۆ بەرهەمهێنانی ئەم تەرزە مەعریفەیە دەکات کە ئیعتیبارێکی سەرووی ئەم سنوورە بونیادیانەی پێ ببەخشێت. مەرجیش نییە مەعریفەی زانستی هەر لە سەرەتاوە تەواوی ئەم خەسڵەتانەی تێدابێت، زۆر لەمە گرنگتر ئەوەیە کە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەزگای "زانست"، کە لەگەڵ ئەم تێگەیشتنە خودی و دەرەکیەدا دێتەوە، سەریهەڵداوە.

سەقامگیربوونی زانست وەك دەزگایەکی سەرەکی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بوو بە مایەی گەشبینییەك کە تا ماوەیەك چلەپۆپەی کۆمەڵگا بە "کۆمەڵگەی مەعریفە"دەسنیشان دەکرا. ئایا ئەم کۆمەڵگە مۆدێرن و پیشەسازییە بەرز و رۆژئاواییە کۆمەڵگەیەکی مەعریفەیە؟ یا ئەوەتا تەواوی کۆمەڵگا مرۆییەکان "کۆمەڵگای مەعریفەن"، چون لە راستیدا تەواوی کۆمەڵگاکان لەسەر مەعریفەی ئەزموون، بەو جۆرەی کە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سروشت و یادەوەری جەماعی خۆیاندا وەدەستیانهێناوە و پەرەیانپێداوە، بنیاتنراون؟ ئەگەر وابێت، ئایا رەوا نییە مرۆ کۆمەڵگای مۆدێرن بەوە لە تەواوی کۆمەڵگاکانی دیکە جیاکاتەوە، کە مرۆ سەبارەت بەجۆری یەکەم باس لە "کۆمەڵگاکانی زانست" دەکات؟ بەڵام هەر زوو لە ئاست ئەم ناونانەدا گومانی ئەوە قیتدەبێتەوە، کە مرۆ دەکارێ بەهەمان شێوە بۆ نموونە باس لە "کۆمەڵگەی ئابووری" بکات. هەڵبەتە سەرتاسەری کۆمەڵگە پەیڕەوی لە لۆژیکی زانست ناکات، بەڵام ئەستەمیشە هیچ کەس بە جیددی گومانی لەوە هەبێت، کە مەعریفەی زانستی لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا رۆڵێکی گەورەتر دەگێڕێت لەوەی لە تەواوی قۆناغەکانی پێشووتری مێژوودا گێڕاویەتی. بەو پێیە کۆمەڵگەی مەعریفە زیاتر کۆمەڵگەیەکی "بەزانستیکراو"ـە تا کۆمەڵگەی زانست.

نزیکەی تەواوی کایەکانی کردەی مرۆڤ —هەر لە ئابووری و رامیاری و ماف و هەروا خێزان و تەندروستی و کار و هەتا بەسەربردنی کاتی پشوویش- کەم تا زۆر لەسەر بنەمای"مەعریفی" وەستاون، بەو مانایەی کە مەعریفەی زانستی و سیستێماتیك دەرککردنمان و پێداچوونەوە و رەفتارەکانمان دیاریدەکات. زۆربەی خەڵکی بۆ دارشتنی پلانی خێزان و وەدونیاهێنانی منداڵ، بیر لەو مەترسییە تەندروستیيانەی دووگیانی دەکەنەوە کە

زانستی پزیشکی پێناسەی کردوون، بیر لە بنەما دەروونناسی و پەروەردەییەکانی بەخێوکردنی منداڵ دەکەنەوە، هەتا لەوانەیە بیر لە درێژی چاوەڕوانکراوی تەمەنیش بکەنەوە کە دیمۆگرافیانە وەك نیشانەیەکی خەم بۆ پیربخواردن، لێکدەدرێتەوە. ئەمانە لەوانەیە هەمووشیان وشیارانە پەیرەو نەکرێن، بەوەی کە گوایە پەیڕەوی لە مەعریفەی زانستی دەکەن، لەوانەیە ئەم مەعریفەیە تازەترینیان نەبێت، یان بە هەڵە گێڕرابێتەوە، سادەکرابێتەوە و یان بە هەڵە لێکدرابێتەوە. گرنگ ئەوەیە کە خەڵکی چیدی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە کتێبی پیرۆز، بە ئەستێرەناسان و حیکمەتی پێشینان، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو تێکەڵکردنە هاوتەریب و بە زەحمەت باوەڕپێکراوەی ئەم تەرزە مەعریفانە، نابەستن. واتە مەعریفەی زانستیش بە هەمان شێوە پێگەی ئەو راستییە بێچەندوچۆن قەبووڵکراوانە وەردەگرێت وەك ئەوەی مەعریفەی سوننەتی یان ئایینی هەیەتی.

بە بەراورد لەگەڵ ئەمەدا مەعریفەی زانستی جۆرێکی دیکەیە: بەردەوام ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و خێرا کەڵەکە دەبێت، هەمیشە دەخرێتە ژێرپرسیارەوە و سروشتێکی گریمانەیی هەیە. هەر بۆیە ماکس ڤێبەر (١٨٦٤-١٩٢٠) عەقلانیکردنی کۆمەڵگا لە مەعریفە یان لە باوەڕدا بەوە لێکدەداتەوە، "کە مرۆ دەکارێ هەموو شتەکان لەڕێی لێکدانەوەوە بخاتە ژێر رکیفی خۆیەوە" (ماکس ڤێبەر: زانست وەك پیشە). ئەمەش بۆ کۆمەڵگەی زانیاری ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە کۆمەڵگایەکی ئۆقرەنەگر بێت. تاکە شتێکی ئارام و سەقامگیر تیایدا ئەوەیە، کە هەمیشە چاوی لە "نوێ"، لە نوێکردنەوە و لە پێداچوونەوەی کردەیە، کە ئەزمونگەرانەیە و بەو پێیەش پەیڕەوی نموونە زانستییەکان دەکات. ئیعتیباری بێچەندوچۆنی مەعریفەی زانستی بە هیچ جۆرێك مانای ئەوە نییە کە

لەکۆمەڵگە لە رێیەوە بەو یەقینە گەیشتووە کە بریار بوو لە رێی بەرهەمهێنانی مەعریفەی متمانەپێکراوەوە پێی بگات و تا ئێستا بەردەوام هەر چاوەڕوان دەکرێت. حاڵەتەکە زیاتر لەوە دەچێت کە ئەو هەموو زانیاریە کەڵەکەبووە لەهەمان کاتدا بۆتە هۆی زیادکردنی یان لانی کەم دەرخستنی جیهانی بێسنووری نەزانین. بە پێچەوانەی ئەوەی کە لەسەرەتادا ئومێد دەکرا، ئێستا دەرکەوتووە کە سەرچاوەی هەموو ئەو پرسیارانەی کە دەشێ توێژینەوە بیانخاتەڕوو، بێسنوورە. لە دەرەنجامی ئەمەشدا بە گومانەوە سەیری زۆرێك لە کردەکان دەکرێت، کە ئەنجامەکانیان تەواو مسۆگەر نین و ریسکاتن. هەرچەندە ئێستا چەمکی کۆمەڵگای ریسك تۆزێك کۆن بووە و زۆرێکیش لەو چاوەڕوانیانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی نەهاتوونەتە دی، وەلێ گرنگیی چەمکەکە خۆی لە خۆیدا نیشاندەری باری میزاجی روحی کۆمەڵایەتییە. ئەو چاوەڕوانییە یەقینهێنانەی کە لە زانست دەکران ئێستا کاتیان بەسەرچووە و بێ مایە دەرچوون. هەڵبەتە کۆمەڵگاکانی پێش مۆدێرنە و سەرەتای مۆدێرنەش لە بارێکی ریسکانتدا دەژیان، بەڵام ئەمانە کە وەك مەترسی ژینگەی سرووشتی سەیریاندەکرا نەبوون تا بۆ لێکدانەوە و خۆلادان لێیان پەنا بۆ سیستەمێکی دەزگایی مەعریفەبەرهەمهێن ببرێت.

لە ئەنجامی ئەوەدا پێگەی زانست لە کۆمەڵگادا گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەخۆیەوە بینی: دەسەڵات و متمانە، ئەوانەی کە زیاتر لە سەدەیەکە بە زانست رەوا بینراون، هەرچەندە هێشتا و سەرەڕای هەموو رەشبینییەکان هەر پێی رەوا دەبینرێن، بەڵام ئەمانە ئێستا زیاتر بۆ دەزگاکە دەگەڕێنەوە. لە پاڵ ئەمەشدا گومانێ رەنگیداوەتەوە کە کوالیتێتی مەعریفەی زانستی لە سیاقی بەکارهێنانەکانییدا هەڵدەسەنگێنێت و ناتەواویەکەی دەردەخات. ئەمەشیان بەڵگەیەکی

سەلماندنی ئەو خەسڵەتەی کۆمەڵگای مەعریفەیە وەك کۆمەڵگەیەکی بەزانستیکراو. پێشبینییەکانی گواستنەوە بەرەو کۆمەڵگەی مەعریفە تەنیا وێنەیەکی هەلومەرجی ئێستا ناخەنەڕوو، کە گوایە زانست ئەمڕۆ ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆمەڵگەدا دەگێڕێت، بەڵکو لەسەرووی ئەمەشەوە ئاماژەیەکە بەو ڕاستییە گشتییەی کە هەرکام لە تەرزە مەعریفە گرنگەکان تەواو بە کۆمەڵگادا ڕۆچوون و وردتر بڵێین، خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی ئەو کۆمەڵگایەن. بەو پێیە کۆمەڵناسیی زانست لە هەمان کاتدا بەشێکیشە لە شیکردنەوەی خودی کۆمەڵگا.

دیارە هێندەش هۆ و بەڵگەی ئیمپری بۆ ئەوە لەبەردەستدان کە "زانست" و ئەو مەعریفەیەش کە ئەو بەرهەمی دەهێنێت بکرێنە بابەتی شیکردنەوەی کۆمەڵناسانە. کامە ڕێسا و نۆرمی کۆمەڵایەتی چ تەرزە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێك دەخوازن کە بۆ بەرهەمهێنان و ئیعتیباری مەعریفە پێویستن؟ لەرێی کام خەسڵەتەوە مەعریفەی زانستی متمانە وەدەست دێنێت؟ لە کام جۆرە دەزگای کۆمەڵایەتیدا ئەم جۆرە مەعریفەیە خۆی دەبینێتەوە؟ لەکوێ و چۆن ئەم مەعریفەیە بەرهەم دەهێنرێت؟ ئەم مەعریفەیە چۆن لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی مەعریفە و هەروا لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان مامەڵە دەکات؟ مەعریفەی زانستی کام وەزیفە و دەرەنجامی بۆ سیاسەت، ئابووری و مافەکان هەیە؟ مەعریفەی زانستی چۆن مامەڵە لەگەڵ مێدیادا دەکات؟ ئەمانە هەموویان ئەو پرسیارانەن کە کۆمەڵناسیی زانست دەیانخاتەڕوو و بەدوای وەڵامدانەوەیاندا وێڵە. بەجۆرەش تێڕوانینێکی تایبەت، کە ئەویش تێڕوانینێکی کۆمەڵناسانەیە، لە مەڕ زانستدا دێنێتە کایەوە.

ئەم تێڕوانینە نابێ وا لێکبدرێتەوە، کە گوایە کۆمەڵناسی دەکارێ باشتر زانست بەرهەم بێنێت لەو زانستانەی کە خۆی لێیان وردەبێتەوە. بەڵکو ئەمە زیاتر بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەوشێکی زانستیی تایبەت لەسەر زانست خۆی، کە دەشێ بەسەر ئابووری و ڕامیاری و کایەکانی دیکەشدا پیادەبکرێت. بەڵام ئایا بەمە کۆمەڵناسیی زانست تووشی هەمان گرفتی ڕێژەییبوون نابێت کە کۆمەڵناسیی مەعریفە تێیکەوتووە، تەنیا بە تۆزێك بەربڵاوی زیاترەوە کە ئەمەیان زیاتر سەروکاری لەگەڵ مەعریفەی زانستیدا هەیە و نەوەك لەگەڵ مەعریفەی جیهانبینییانە و یان ڕۆژانەدا؟ دواتر دەردەکەوێت کە دەکرێ خۆ لە تەڵەی ڕێژەییبوون لابدرێت (کە ئەمە هەمیشە لەخۆیەوە ڕوونادات). کەواتە دەکرێت بەرهەمێنان و بڵاوکردنەوە و ئیعتیباری مەعریفەی زانستی کۆمەڵناسانە شیبکرێنەوە، بە بێ ئەوەی پێویست بە ڕاگەیاندنی ئێپیستمۆلۆژیایەکی ڕکەبەر بکات.

کۆمەڵناسیی زانست بەو پێیە مێتا-زانستێکە، واتە (لقە-) زانستێکە، ئەو بابەتەی کاری لەسەر دەکات خودی زانست خۆیەتی. ئەمە هەروەها تیۆری زانست، کە ئامانجی شیکردنەوەی زانستە بە مانا ناپراگماتیکییەکەی، و مێژووی زانستیش، کە بایەخ بە مێژووی گەشەکردنی زانستەکان دەدات، دەگرێتەوە. ئەم سێ کایەی لێکۆڵینەوە سەرەڕای جیاوازی ڕیشەییان لە ڕووی میتۆدەوە خاڵی هاوبەشیشیان هەن. گەورەیی ئەو خاڵە هاوبەشانەش بەندە بە پەرەسەندنە تیۆرییە گۆڕاوەکانی ئەم کایانە و هەروەها بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەم گەورەییە لە گۆڕاندا بووە. هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەهۆی هاوبەشی لە بابەتی لێکۆڵینەوەکانیاندا و لەیەك نزیکیی ئامانجەکانیان، هەوڵی ئەوە لە ئارادا هەبوو کە کایەیەکی تۆژینەوەی نێوزانستی (interdiziplinär) لەژێر ناوی زانستی زانست (science of science) دابمەزرێت. تا لە حەفتاکاندا

ئەم هەولانە سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیشتن. ئەوکات شتێکی کەمتر بەرچاو، کە لێکۆڵینەوەی زانستە (science studies) دامەزرا. بەڵام ئەمە نەبووە ئەو "نێوزانست"ـە گشتگیرەی، کە بەرنامەی بۆ دارێژرابوو. جیاوازییەکانی نێوان رووگەی رواڵەتییانەی تیۆری زانست و رووگەی ئیمپیریی کۆمەڵناسیی زانست گەورەن و بایەخە دەزگاییەکانی ئەم دوو زانستە روو لە پەرەسەندنەش بەم جیاوازییانەوە بەندن. سەرەرای ئەوە ئێستا سنوورەکانی لێکۆڵینەوەی زانست هەموو لایەنەکانی مێژوویی، کۆمەڵناسیی، ئێتنۆلۆگیی، دەروونناسیی کولتوور- و سیاسەتناسیی ئابووری توێژینەوە و هی دیکەش دەگرێتەوە. بەوپێیە لێکۆڵینەوەی زانستی بۆتە کایەیەکی زانستیی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە کە بۆ شیکردنەوەی زانست تەرخانکراوە (social studies of science). لە کرۆکەکەیدا بەڵام هێشتا مرۆڤ بەرەورووی کۆمەڵناسیی زانست دەبێتەوە، بەرەورووی مێتۆد و تیۆری کۆمەڵناسانە، ئەوانەی دەریدەخەن کە زانست بەشێکە لە کۆمەڵگا و بەرهەمهێنانی مەعریفەی زانستیش جۆرێکی تایبەتی کردە و یان پێوەندییکردنە (Communication).

لەوەی کە دێت سەرەتا باس لە شیکردنەوەی کۆمەڵناسانەی زانست وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دەکرێت. ئەمە لێوردبوونەوەیەکی کۆمەڵناسانەی "جیهانی ناوەوەی" زانستە. لەم رێگەیەوە قۆناغی یەکەمی گەشەکردنی کۆمەڵناسیی زانستیش، کە بە ناوی "رۆبێرت مێرتن"ـەوە (١٩١٠ - ٢٠٠٣) بەندە، باسدەکرێت. ئەو نۆرم و رێسا کۆمەڵایەتییانەی ناوەوەی زانست و ئەو خاسیەتانەی کردەی زانستی یان پەیوەندیکردنی زانستی کامانەن کە پێشمەرجی بەرهەمهێنانی مەعریفەی "متمانەپێکراو" پێکدەهێنن؟

لە فەسڵی سێیەمدا سەرنجی پەرەسەندن و دابەشبوونی ناوخۆیی زانست دەدرێت، بۆ ئەوەی بۆچوونێکی گشتی سەبارەت بەو دینامیکیەتەی کە گەشەکردنی زانست، وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، هەیەتی و چۆن چۆنیش لەگەڵیدا لە ناوەوەی رێکخراوەکەیدا دێتە گۆرین، بخەینەروو. کامانەن ئەو پاڵنەرانەی ئەو دینامیکییەتە؟ کامانەن دەرەنجامەکانی هەم بۆ کۆمەڵگا و هەم بۆ زانست خۆی کە دەکرێ پێشبینی بکرێن؟

فەسڵی دوای ئەوە بەوە درێژە بە باسەکە دەدات کە خۆی بە بەرژەوەندی لێکدانەوەی کۆمەڵناسانەی ئاڵوگۆڕیە زانستییەکان خەریکدەکات، زیێتریش لە جڤاتە زانستی/یەکان وردەبێتەوە تا دەزگا کۆمەڵاتییەکانی زانست. چ پەیوەندیەك لە نێوان بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی زانست و ناوەرۆکە زانستییەکاندا هەیە کە لە باریەوە پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن. بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەرۆکە عەقلانییەکان چ جۆرە پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە؟ لێرەدا هەروا باس لە کاریگەریی فەیلەسوفی زانست و مێژوونووس تۆماس س. کۆهن (١٩٢٢-١٩٩٦) دەکرێت، کە زیاتر لە هەر نووسەرێکی دیکە ئامادەکاری بۆ زانستی دیدگا کۆمەڵناسییە مەعریفییەکان کردووە و ئەمەش بۆتە مایەی گۆرانکاری لە کۆمەڵناسیی زانستدا. فەسڵی پێنجەم باس لە قۆناغێکی دیکەی گەشەکردنی کۆمەڵناسیی زانست دەکات، کە تیایدا هەلومەرجە پێکهێنەرەکانی میکرۆکۆمەڵناسانەی مەعریفەی زانستی لە ریزی پێشەوەی لێکۆڵینەوەدا بوون. لەم قۆناغەدا پرسیاری یەکەم ئەوەبوو، چۆن پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفەی زانستی دێتە ئەنجامدان. چۆن مەعریفە، کە لەسەرەتای هەر لێکۆڵینەوەیەکدا کاتی و لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجە خۆجێییەکاندایە

دەچەسپێت و ئیعتیباری گشتی وەدەست دێنێت؟ ئەم قۆناغە دەکرێ بە دەرەنجامێکی گەشەکردن و رادیکالبوونی دیدگا کۆمەڵناسییە مەعریفییەکان لە کۆمەڵناسیی زانستدا لێکبدرێتەوە. ئەم لێکدانەوە کۆمەڵایەتی-کۆنسترەکتیڤیستەی (Sozialkonstruktivistische) ئەم قۆناغە رووگەیەکی ئێپیستمۆلۆژیانە زەقدەکاتەوە کە دەبوایە لە کۆمەڵناسیی زانستدا و بەهۆی ئەنجامە رێژەگەرێتییەکانی سەدایەکی تایبەتی هەبوایە. لە هەمان کاتدا شیکردنەوەکانی جیهانی ناوەوەی تاقیگە ئەوە دەردەخەن کە ئەم سنووردارکردنە تەنیا بۆچوونێکە سەبارەت بە دیمەنێکی زۆر لەوە ئاڵۆزتر. چۆن مەعریفە لە تاقیگەوە دێتە ناو کۆمەڵگا؟ هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان چ رۆڵێك لە بەرهەمهێنان و بڵاوبوونەوەی مەعریفەدا دەبینن؟ وەڵامی وردی ئەم پرسیارانە لەو شیکردنەوانەدا دەست دەکەون کە بە تیۆری ئەکتەر-نێتوۆرك ناسراون.

ئەم پرسیارانە کۆمەڵناسیی زانست دەبەنەوە سەر کاریگەریی مەعریفەی زانستی لە کۆمەڵگادا. هەربۆیە لە فەسڵی دواتردا دەچینە سەر ئەو تێڕوانینە نوێیانەی کۆمەڵناسیی زانست بۆ شیکردنەوەی پێکەوەبەندیی نێوان گەشەکردنی زانست و گەشەکردنی سیستەمە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان" لە فەسڵی شەشەمدا پەیوەندی نێوان زانست و سیاسەت، لە فەسڵی حەوتەمدا زانست و ئابووری و لە فەسڵی هەشتەمیشدا پەیوەندی زانست لەگەڵ راگەیاندندا باسدەکرێن. مەعریفەی زانستی چ وەزیفەیەکی لە پڕۆسەکانی بڕیاردانی سیاسییدا هەیە؟ چۆن بەرژەوەندییە ئابووریەکان و بێلایەنی مەعریفەی زانستی لەگەڵ یەك دێنەوە؟ چاودێریکردنی بەردەوامی راگەیاندن لەسەر پڕۆسەکانی پەیوەندیکردنی زانستی چ دەرەنجامێکیان هەیە؟ لە دیدی پێکەوەبەندیی زانست و سیستەمە وەزیفییەکانی دیکە باشتر دەردەکەوێت کە چۆن زانست وەك سیستەمێکی تایبەتی مەعریفە وەزیفەیەکی لەرادەبەدەر گرنگی لە کۆمەڵگادا هەیە و بەڵام بە پێچەوانەشەوە کە ناکرێ تەسەوڕ بکرێت، زانست لەدەرەوەی کۆمەڵگادا بوونی هەبێت و بتوانرێ لێیدابڕێت. بەوپێیە کۆمەڵناسیی زانست، هەروەك پێشتریش گوتمان، بەشێکە لە شیکردنەوەی کۆمەڵگا. هەتا ئەگەر ئێستاش بووبێتە کایەیەکی توێژینەوەی تەواو جیابووەوەی خاوەن دونیایەك لە بابەت و تیۆر و مێتۆدی تارادەیەك دەبەریەکڕاچوو، ئەوا دەکرێ خاڵە هاوبەشەکان لەناو ئەو جیاوازیانەدا بە ئاسانی ببینرێن. ئەو دیدە هاوبەشە بابەتی فەسڵی نۆیەمە کە تیایدا کەوانەکە بە گەیشتنەوە بابەتی دەسپێك، پێکدەگاتەوە. ئەم تێڕوانینە وردەی هەم دابەشبوونەکانی ناوەوەی زانست و هەم ئەو بەیەکەوەبەندیی زانست و لقەسیستەمەکانی دیکە، ئاماژەن بۆ شێوە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە و کەڵەکەبوونە پێوەندکارەییەکانی (Communicative) وەك بابەتی سەرەکی کۆمەڵناسیی زانست لە دوارۆژدا. ئەو کۆمەڵگایە چۆنە کە تیایدا مەعریفەی زانستی ئەو پلەوپایە تایبەتییەی خۆی لەدەستداوە، کە تیایدا زانست لەڕووی سیاسیەوە بەئامرازدەکرێت، وەك کەلوپەل سەودای پێدەکرێت و دەخرێتە ژێردەستی ستراتیژیەتەکانی پەیوەندیکردنی مێدیالی؟ ئایا کۆمەڵگای مەعریفە ئاوایە؟

١- ئەمە پێشەکی کتێبەکەی کۆمەڵناسی ئەڵمانی "پێتەر ڤاینگارت"ـە بەناوی کۆمەڵناسی زانست، هیوادارم بتوانم لە ئایندەدا تەواوی کتێبەکە بکەمە کوردی:

Peter Weingart: )
(Wissenschaftssoziologie. Bielefeld, 2003